كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
31-3-2007 23:51بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرچاوڕوونی (شەفافیەت) ... كاروان جەلال

بەرچاوڕوونی وەك لە كلتوری ئادەمیزادا بەكاردەهێنرێت مانای كرانەوەیی و پەیوەندیكردن و لێپێچینەوە لەخۆوەدەگرێت. بەرچاوڕوونی بە مانا خوازەییەكەی ماناكەی لە زانستی فیزیادا ئەوەیە: مادەی "دیوەدەر" مادەی روون و شوشەییە كە دیوەكەی تری لێیەوە دیارە.

كاتێك سیستەمە دیموكراسیە لیبرالیەكانی وەك سیستەمی ئەمریكا یاخود فلیپین سیستەمەكانیان هەنگاوێك بەرەو پێش دەبەن بەرچاوڕوونی وەك ئامرازێكی لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسە حكومیەكان و لەناوبردنی گەندەڵی بەكار دێنن. هەر كاتێك كۆبوونەوە حكومیەكان بە رووی میدیا و جەماوەر كراوەبوون و بوار بۆ هەموو كەس فەراهەم بوو بە بودجەی حكومەت و كارنامە داراییەكانی دابچێتەوە و كاتێك یاسا و رێسا و بڕیارەكان جێگای گفتوگۆ لەسەركردن هەڵبگرن، ئەوسا ئەو سیستەمانە بە سیستەمی شەفاف دەژمێردرێن و هەلی كەمتر لەبەردەم حكومەت بۆ خراپی بەكارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی بەرپرسەكانی دەرەخسێ.

ناكرێ بەرچاوڕوونی وەك پەیوەندیەكی تاك لایەنە بوونی هەبێ. ئەگەر میدیا و جەماوەر هەموو ئەو شتانەیان زانی كە لەسەر هەموو ئاستەكانی حكومەت روو دەدەن، ئەوسا زۆر پرسیار و نارازیبوون و پێشنیار لە لایەن میدیاكان و جەماوەر دێنە ئاراوە. ئەوسا خەڵكانێك كە بایەخ بە پرسێكی دیاریكراو دەدەن هەوڵی كارلێكردن لە بڕیارەكانی تایبەت بەو پرسە دەدەن. بەرچاوڕوونی بەشداریكردنێكی رۆژانە لە پرۆسەی سیاسی بە هۆی میدیاكان و جەماوەر دەخوڵقێنێ.

سیستەمە مۆدێرنەكانی دیموكراسی لە سەر بناغەی ئەمجۆرە بەشداربوونەی خەڵك و میدیاكان بونیات دەنرێن. و هەر كەسێكیش حەز بكات ئەوا چەند رێگەیەك هەن بۆ كارلێكردن لە بڕیارەكان لەسەر هەموو ئاستەكانی دەوڵەتدا.

هەڵبژاردنەكان و ریفراندۆمەكان چیتر بە تاكە رێگە دانانرێن بۆ ئەوەی جەماوەر حوكمی خۆیانی پێبكەن. دیموكراسی بە بێ پچڕان كار دەكات و هەڵبژاردنەكان لە سیستەمی دیموكراسیدا تەنها بۆ هێنانە كایەوەی گۆڕانی مەزن لە رەوتی سیاسەتدا بەكاردێن.

رێوشوێنی بەرچاوروون و شەفاف كۆبونەوەی بە ئاشكرا و راگەیاندنەكانی لەبارەی رێكارە داراییەكانی حكومەت و یاسای ئازادی زانیاریەكان و پێداچونەوە و وردبینی بودجە و ... .. هتد دەگرێتەوە.

لە بوارەكانی سیاسەت و رەوشتناسی و كارزانیدا (بیزنس) و كارگێری و یاسا و ئابوری و كۆمەڵناسی و ... هتد دیوەدەری پێچەوانەی نهێنیە. كار یا چالاكی ئەو كاتە شەفاف روون دەبێت ئەگەر هەموو زانیاریەكان لەبارەیەوە بەردەست و ئاشكرا بن. هەر بۆیە كە دادگاكان رێگە بە هاوڵاتیان دەدەن لە دانیشتنەكانیان ئامادە بن و، كاتی بەرز و نزمی نرخەكانی بۆرسەكان لە رۆژنامەكان بڵاو دەكرێنەوە ئەم پرۆسانە پێیان دەگوترێ بەرچاوڕوونی.

كاتێك دەسەڵاتی سەربازی پلانەكانی خۆیان بە نهێنی ناو دەبەن ئەوسا بەرچاوڕوونی بوونی نامێنێ. ئەم كارەش بە دوو دیوی پۆزەتیف و نیگەتیف سەیر دەكرێت. بەدیوی یەكەم چونكە ئاسایشی نەتەوەیی بە هێز دەكات و، بە دیوی نیگەتیڤیش چونكە دەبێتە هۆی نهێنیەتی و تەنانەت هاتنە كایەوەی رژێمێكی سەربازی و دیكتاتۆری.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.